# فلاش داک
# لە نێوان کامێـ

کامێرادیجیتالییەهۆشمەندەکان ڕۆژ بەڕۆژ توانایی و ئامێری نوێی تایبەت بەخۆیان زیاد دەبێت، بەهۆی ئەو تەکنۆلۆژییە نوێیانەوە دەکرێت سوودی زیاتر لەکامێراکان ببینی.

لەپێشانگای تەکنۆلۆژیای نوێی ساڵانە کە لەلاس و فیگاس بەڕێوەچوو، ئامێرێکی تایبەت بەکامێرا DSLRەکان نیشاندرا، کە پردێکە لەنێوان ئایفۆن و مۆبایلە هۆشمەندەکان و کامێرادا. ئامێرەکە کە بەFlash Dock ناسراوە، شوێنێکە بۆ دانانی



# لە کاتی مەلەکردنیش گوێ لە موسیقا بگرە




هێـدی هێـدی وەرزی گەرمـا نزیك دەبێتەوە، لەم وەرزەدا مەلەکردن لەڕووبار و مەلەوانگەکاندا بەرەو زیادبوون دەچێت، ئەوانەی ئۆگری مۆسـیقا و گۆرانین ڕەنگـە حەز بکەن لەکاتـی مەلەکردن و لەقووڵایی ئاویشـدا گوێ لەمۆسیقا بگـرن، هەرچەنـدە نازانم مۆسـیقا لەژێرئاودا چ کاریگەرییەکی لەسـەر مرۆڤ دەبێت و چ چێژێك دەبەخشێت!

لەم ماوەیـەدا بچووکتریـن ئامێری بڵاوکردنەوەی مۆسـیقی کـە لەقووڵایی ئاویشـدا کار دەکات و تـەڕ نابێت بـۆ ئۆگرانی مەلەوانانی مۆسیقادۆست بەرهەم هاتووە. ئامێری بڵاوکردنەوەی مۆسـیقی کە بەجۆری UWater G٤ ناسراوە، هاردێکی ٤ گیگابایتی هەیە، ڕەنگە ئەوەندەش بەس بێت کە لەکاتی مەلەکردندا گوێ لەمۆسـیقا بگـری، ئەگینا لەبەر گوێگرتن لەپارچە مۆسـیقییەك ئاگات لەخۆت نەمێنێ و ئیدی قەت سەرئاو نەکەویەوە!

لەکاتی مەلەکردندا دەتوانی ئامێرەکە وەك بازوبەندێك لەمەچەك خەی و هیدفۆنەکانیشی لەگـوێ بکەی، ئامێرەکـە دەتوانێت زیاتر لەهەزار گۆرانـی لەخۆیدا خەزن بکات، یان دە کتێبـی دەنگی، لەهەرکاتێك شـەحنکردنەوەدا ٦ هەتا ٨ کاتژمێر بەشـێوەیەکی بەردەوام کار دەکات، ئامێرەکە هەتا قووڵایی سێ مەتر کار دەکات.

# پێنووسێک بۆ دوارۆژ



کە تەکنۆلۆژیای دیجیتالی نوێ هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیانمان بتەنێ، بێگومان پێنـووس و وایت بۆرد و تەنانەت ئاوێنە و فلچەی دانیش دەبێتە دیجیتالی..

لەچەندیـن بابەتـدا ئاماژەمان بەپێنووسی دیجیتالی و ئەرکەکانی کردووە، پێنووسی جۆری WACOM REALISM پێنووسێکی دیجیتالی هۆشـمەندە کە بەکارهێنەرانی دەتوانن بەهۆیەوە ئەو ڕەنگانەی کە لەجیهانی واقیعدا هەن سـکان بکەن. بۆ نموونە تۆ بۆ نووسینێك یان بۆ کێشـانی وێنەیەك پێویسـتت بەڕەنگی دەم و چاو یان گەڵا و گوڵێکی سروشتییە، بەهۆی پێنووسەکەوە دەتوانی وێنەکە وەربگری و بۆ شوێنی مەبەست بەکاری بهێنی.

خاڵی جێگای سەرنج لەم پێنووسەدا ئەوەیە کە وزەی پێویست بۆ کارکردنی لەگەرمی دەستی بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێت. هەروەها بەهۆی سیستەمی بلوتوس و سیستەمی وایەرلەیس واتە Wi-fi دەکرێت وەك قەڵەمێکی هۆشمەند لەئامێرەکانی وەك تەبلێت و مۆبایل و لاپتۆپ سوودی لێوەربگری.

# فڕی فڕی، ئۆتۆمبێلەکە فڕی!

گەر لەڕۆژێکی هاوینی تاقەت پڕوکێنی شـاری هەولێر و لەشـوێنێکی ترافیك و قەرەباڵغدا بمێنییەوە، چ ئارەزوویەك دەکەی، خۆزگە دەخوازی ئۆتۆمبێلەکەم دەفڕی و لەو قەرەباڵغی و ترافیکە ڕزگارم دەبوو! ئەو ئاواتە ئەمڕۆکـە وەك زۆر ئاواتی دیکـەی مرۆڤ هاتۆتـە دی، کۆمپانیای PAL-V بەسـەرکەوتووییەوە ئۆتۆمبێلـی فڕۆکـەی لەهۆڵەندا تاقیکـردەوە، PAL-V - Personal Air and Land Vehicle بەیارمەتـی مەکینەیەکـی ئۆتۆماتیکی و پەروانەیـەك لەپشـتەوە، لەشـێوەی هەلیکۆپتەرێك بـەرز دەبێتەوە. ئۆتۆمبێلی ناوبراو لە ئاسـمان بەخێرایـی ٣٥٠ هەتا ٥٠٠ کیلۆمەتـر دەڕوات، بـەڵام لەسـەر زەوی ١٢٠٠ کیلۆمەتر دەڕوات، هەرچەندە ئەوە دوا خێرایی ئۆتۆمبێلەکەیە و بەهۆی بەربەسـتەکانی و گرفتەکانـی ئاسمان




# ئامێری دیاریکردنی مەودا بەهۆی لەیزەرەوە

بەشێك لەو ئامێرە دیجیتالییانەی کە لەو فایلی ئایتیـــدا ئاماژەیان پێدەکەین ڕەنگە کەمتـــر پێویســـتیمان پێی بێت، بـــەڵام هەرچۆنێك بێت بۆ ئەوانەی کـــە بۆ یەکجاریش پێویستیان پێیدەبێت بایەخی خۆی هەیە.

ئامێری دیاریکردنی مەودا بەهۆی لەیزەرەوە کە کۆمپانیای Nikon Vision بەرهەمی هێناوە بۆ ئەوانەی لە بەلەمدا لەناو دەریا گەشـــت دەکەن، یا بۆ ئەوانەی لەدارســـتانە چڕەکاندا دەمێننەوە تەنانەت بۆ یاریکەرانی یاری گولفیش سوودی خۆی هەیە.

ئەرکی ئامێرەکە ئەوەیە کە تیشـــکێکی لەیزەر بۆ ئەو شـــوێنەی مەبەستتە بەڕێ دەکات و لەســـەر ئامێرەکە نیشـــاندەدرێت کە مەودای تۆ لەگەڵ شـــوێنی مەبەست چەند مەترە. سیســـتەمی دۆزینەوەی مەودا لەئامێرەکـــەدا زۆر خێرایە و تا مەودای کیلۆمەترێك مەوداکە بەوردی نیشـــان دەدات. دوگمەی پاوەر کە لەئامێرەدایە توانای دەستنیشانکردنی مەودای ٨ چرکەی هەیە واتە ئەوکاتانەی کە دەستەکانیشت دەجوڵێن ئەو مەوداکە بەڕێکی نیشـــان دەدات. ئامێرەکە بۆ شـــەوی تاریکیش گرفتی نییە و لەشەویشدا ئەرکەکەی ئەنجام دەدات. ئامێرەکە تەنانەت بۆ ناو ئاویش دەگونجێت

# پـــــردێک
# ـــــرا و مۆبایلدا

مۆبایلی هۆشمەند کە بەهۆیەوە دەکرێت هاندەکە زیاتر ڕێك بخەی. دەکرێت لەنێوان ئەو دوو ئامێرەدا پێوەندییەکانی ئینتەرنێت، بلوتوس و فیلم هەڵگرتنەوە ئەکتیڤ بکەی.

خاڵی بەرچاو لەو ئامێرەدا ئەوەیە کە لەکاتی نەبوونی فلاش یا پرۆژکتۆر بۆ وێنەگرتن، دەکرێت لەفلاشی هاندەکە لەبری فلاشی کامێراکە سوود وەربگری.








# کیبۆردی بلوتوسی بۆ ئایپاد و ئەندرۆید

هەرچەنـــدە هەموو ئامێـــرە تەبلێتەکان و مۆبایلە هۆشـــمەندەکان خاوەنـــی کیبۆردی مەجازی لەمســـین، بەڵام بۆ ئەوانەی کە زیاتر کاری تایب کردن ئەنجام دەدەن و زۆر ســـەر لەسایتەکان دەدەن و ئیمێل دەنووسن، ڕەنگە کیبۆردی مەجازی وەڵامدەرەوە نەبێت. کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کیبۆردێکی بەرهەم هێناوە کە بەسیســـتەمی بلوتوسەوە لەگەڵ ئایپاد و مۆبایلە هۆشمەندەکانەوە پێوەند دەدرێـــت و بەکیبۆردی جۆری Bluetooth Mobile Keyboard ٥٠٠٠ ناسراوە. کیبۆردەکە تایبەتە بەئایپاد ٢ و ئەندرۆیید و ١٠٤ دوگمەی هەیە. هەروەها گەر کۆمپیوتەرێك سیستەمی بلوتوسی هەبێ لەگەڵ ئەویش دەگونجێت.






ناتوانێت بەو خێراییەی بۆ دیاریکراوە بڕوا، بەڵام بەگشتی خێرایی مامناوەندی ئۆتۆمبێلـــە فڕۆکەکـــە ١٨٠ کیلۆمەترە لەکاتژمێرێکدا، ئـــەو ئۆتۆمبێلە فڕۆکەیە بە بەنزین کار دەکات.



# سایتێک ئەرکی دەستکاریکردنی وێنە ئەنجام دەدات




ئەو سـایتانەی کە ئەرکی دەستکاری کردنی وێنە ئەنجام دەدەن لەجیهانی وێبدا کەم نین، ســایتی PicMonkey یەکێکە لەم ســایتانە. بۆ کردنەوەی ئەم ســایتە نە پێویســت دەکات ئەکاونتێکت هەبێت، چونکە زۆر سایتی لەم شێوەیە پێویستیان بەوەیە کە ناوی خۆت لەسایتەکەدا تۆمار بکەی، هەروەها بەخۆڕایشە، هەر ئەوەندە بەسە کە کاتێك ســایتەکت کردەوە، ئەو وێنەیەی مەبەســتتە دەستکاری بکرێت بەماوس بۆ ســەر ســایتەکە ڕاکێشە و ئیدی فەرمانەکانی تایبەت بەدەستکاری کـردن جێبەجێ بکە. لەبەشـی Basic Edits دەتوانی بڕینی وێنە، سووڕاندن، گۆڕینی ســایزی وێنەکە و ڕەنگەکەی ئەنجام بدەی. لەبەشی Effect دا دەتوانی ئەو فیلتەرانەی کە لەئیستنگرامدا هەن لەســەر وێنەکە ئەنجام بــدەی. گەلێك فەرمانی دیکەی تایبەت بەدەســتکاری کردنی وێنە هەن وەك وێنەکان بەفۆرماتی JPEG و PNG خەزن بکەی. لەسایتی ناوبــراودا دەتوانــی وێنــەی هەتا ١٦ میگاپیکسڵیش بکەیەوە.

# باترییەک باتری شەحن دەکاتەوە!

لەسەردەمی ئێســتادا کە ئامێرەکان زیاتر بەو باتریانە کار دەکەن کە شەحن دەبنەوە وەك مۆبایل و تەبلێت و تەنانەت لەیستۆکی منداڵانەش، پێویست دەکات جگە لەموزەی کارەبا ســەرچاوەیەکی دیکەش بۆ شــەحنکردنەوە وەك وزەی خۆر، یــان وزەی با یان هەر وزەیەکی دیکــە هەبێت کە لەکاتی پێویســتدا شوێنی کارەبا بگرێتەوە.

باتــری جــۆری ZAGGspara بەو باترییــە دەگوترێت کــە ئەرکی شەحنکردنەوەی باتری مۆبایل و تەبلێت و کامێــرا و ئامێری یاری منداڵانە.. هەرچەندە بەو ئامێرە واباشترە بگوترێت شەحنکەرەوە نەك باتری، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە خۆیشــی وەك دەبێت شەحن بکرێتەوە بۆیە پێی دەگوترێت باترییەك کە باتری شــەحن دەکاتەوە. ئامێرەکە دیزاینێکــی سەرنجڕاکێشــی هەیە و بەئاسانی هەڵدەگیرێت.



# دەسکێکی گەیم بۆ پـــ

گەمــەی ئەلکترۆنی بۆ حەســانەوەی ڕۆح و ئارامــی بەخشــین بەجەســتە، بۆ هــەر کەســێك و لەهــەر تەمەنێکدا گرنگە.. هەرچەنــدە لەناوچەکەی ئێمە و وڵاتانی دەوروبەر کۆمەڵگــە وابیردەکاتەوە گەمەکردنی ئەلکترۆنی تەنیا بۆ تەمەنێکی دیاریکراوە.. ڕۆژانە چەندین گەمەی نوێ و پرۆگرامی تایبــەت بەگەمە و ئامێری تایبــەت بەگەمە بەرهەم دێــن، نوێترین ئامێری گەیم دەسکێکی گەیمە کە تایبەتە بەپلەی ستەیشن ٣ و Xbox ٣٦٠. ئامێرەکــە گەلێــك دوگمــەی زیاتری لەهاوشــێوەکانی خــۆی هەیــە بوونــی ئــەو دوگمانــەش دەبنە هۆی ئــەوەی کە یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ گەمەکەرە. دەســکی گەمەکە کە بەAvenger Elite ناســراوە زیاتر بۆ گەمەی لەنێوان دوو یان چەند یاریزانێك دەبێت، هەروەها بۆ ئەوانەی



# خزمەتگوزارییەکی نـــ



لەم ساڵانەدا پاراستن و هەڵگرتنی داتا شەخسییەکان وەك وێنــە و دوکیومێنت، کورتــە فیلم، کتێب و وتار و...تاد. کە بەرەو دیجیتالی ڕۆیشتوون گرنگییەکی زۆری پێدەدرێــت، هەڵگرتنــی داتا شەخســییەکان لەفلاش میموری یــان DVD یان هاردی خاریجیدا هەتــا ڕادەیەك بایەخی خۆی هەیــە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێك ئەو ئامێرانەی هەڵگرتنی داتاکان تێکچوون، یان دزران و بزربوون ئیدی بۆ خاوەنی داتاکە کارەسات ڕوو دەدات..

کۆمپانیــا گوگڵ بۆ چارەســەری ئەم کێشــەیە

# لاپتۆپێک هەتا 8 کاتـــ

هیچ شتێك لەکۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ بەقەد باترییەکەی گرنگ نییە، جیاوازییەکی گرنگی نێوان لاپتۆپ و کۆمپیوتەری جۆری دیســکتۆپ باترییەکەیەتی، لەکۆمپیوتەری جۆری دیسکتۆپدا باتری بوونی نییە و بەبێ وزەی کارەبا ئیش ناکات، بەڵام لەلاپتۆپدا بەم شێوەیە نییە.

کۆمپیوتــەری جــۆری Timeline X ٥٨٣٠TG کە بەرهەمی کۆمپانیای ئەیســەرە (ACER) لەگەڵ ئەوەیــدا کە تایبەتمەندیی باشــی هەیە، بەڵام جیاوازترین تایبەتمەندی لەدانەبەزینی باترییدایە بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر، لاپتۆپی ناوبراو نزیکەی ٣٥٪ لەلاپتۆپەکانی دیکــە باتــری لەخۆیــدا ڕادەگرێــت. تایبەتمەندییەکانی دیکەی لاپتۆپەکە ئەمانەن:

# ـــــــەی 3 و Xbox360



کە تازەش فێری گەمە دەبن یارمەتیدەرێکی باشە.

ئامێرەکە لەچەند مادەیەك پێکهاتووە کە لەگەڵ سیســـتەمی تەندروستی مرۆڤ دەگونجێت و کاریگەری خراپی بۆ ســـەر پێست نییە، هەرچەندە ئامێرەکە بۆ کەسانی پســـپۆڕ لەبواری گەمەدا بەرهەمهاتووە، بەڵام کەسانی تازەکاریش بەئاسانی دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

# ــــوێ و گرنگ لە گوگڵدا

لەمێژە لەهەوڵدایە هاردێکی ئەنتەرنێتی واتە شوێنێك بـــۆ هەڵگرتنـــی داتاکانـــت لەئینتەرنێتـــدا کە وەك هاردی کۆمپیوتەرەکەت دەچێـــت، بەرهەم بێنێ، لەم ڕۆژانەدا هەوڵەکە ســـەرکەوت و Google drive بەرهەم هات، بەهۆی گـــوگڵ درایڤەوە دەتوانی دەق و دوکیۆمنێتەکانـــت، وێنـــە و فیلمەکانـــت لەنەمان بپارێزی.. گوگڵ تەنیا ٥ گیگا بەخۆڕایی شـــوێنت دەداتێ کە شـــتە گرنگەکانتی تێدا هەڵبگری و زیاتر لەوە دەبێ بیکڕی... دڵنیا بن هەر ڕووداوێك بەســـەر کۆمپیوتـــەر یـــا مۆبایلەکەت یـــا تەبلێتەکەت هات ئیـــدی بابەتە گرنگەکانت هەر وەك خۆیان دەمێننەوە. هەرچەندە ئێستا ئەو شوێنەی کە بەخۆڕاییە ئەکتیڤ نەبووە و گـــوگڵ بەڵێنی داوە بـــەم زووانە ئەکتیڤی بکات، بەهۆیـــەوە دەتوانی ٣٠ جـــۆرە فۆرمات وەك ڤیدیۆ، فۆتۆشـــۆپ، دیزاین، بەبێ ئەوەی کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت ئەو پرۆگرامانە هەبن بیانکەیەوە.

# ــــژمێر شەحنی دانابەزێت



بوونی پرۆسیســـەری جۆری Intel Core i٥، ڕامی شـــەش گیگابایتی لەجۆری DDRIII و هارددیســـکێك بەتوانای خەزنکردنی ٦٤٠ گیگابایت. هەروەها شاشەیەکی ١٥,٦ ئینجی و بوونـــی پۆرتـــی ٣.USB و بوونی پۆرتی HDMI، بوونی کەلێنێك بۆ دانانی جۆرەکانی میمۆری.

# ئاگاداربە درۆکانت ناشاردرێنەوە!



لەسەردەمی تەکنۆلۆژیای نوێدا ڕەنگە ئەوەندە بەئاســـانی نەتوانی ڕاســـتییەکان بشـــاریەوە، ڕەنگە هەمووومان ئەوەمان بۆ هاتبێتە پێش کاتێك پێوەندییەکمان بۆ دێت، بەهەر هۆیەك بێت لەگەڵ بەرامبەرەکەمان ڕاســـتگۆ نابین و دەڵێین، «ئێســـتا ئەوە لەسەرکارم» یان «بڕوا بکە میوانم هەیە ناتوانم بێم» یان...یان..

کۆمپانیاکانـــی بەرهەمهێنی مۆبایل پرۆگرامێکی درۆپێویان بۆ سیســـتەمی ئەندرۆیـــدی مۆبایـــل بەرهـــەم هێناوە، بەهۆیەوە ڕاستی و دروستی بەرامبەرەکەت یان ئەو کەســـەی لەگەڵت قســـە دەکات دەردەکـــەوێ. پرۆگرامـــی Advanced Lie Detector Plus وەك کۆمپانیـــا بەرهەمهێنەرەکەی دەڵێت ئەرکی ئەوەیە کە ڕاستی و دروســـتی قسەکان ساغکاتەوە. ئـــەو پرۆگرامـــە دەچێتە ســـەر مۆبایل و تەبلێـــت، وەك ئەو ئامێـــرە دەچێت کە لەکاری لێپرســـینەوە لەگەڵ تۆمەتباراندا بەکاری دێنن. کەوایـــە لەمەولا ئاگاتان لەپێوەندییەکانتان بێت نەکا بەرامبەرەکەتان ئەو پرۆگرامەی دانابێت.




خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی پرسیارێکی لەبواری پەرتیشـــنبەندی بەش بەشکردنی هاردی کۆمپیوتەر بۆ چەند بەش بۆ هاتۆتە پێش. ئەو دەپرسێت لەکاتی دانانی ویندۆزدا لەبیـــرم چوو کە هـــاردی کۆمپیوتەرەکەم پەرتیشـــنبەندی بکەم واتە بیکەم بەچەند بەشـــی وەك D.E.F ئێستا تەنیا هاردەکەم بەشی C هەیە، ئایا دەکرێت دوای دانانی ویندۆز هاردەکەم بکەم بەچەند بەش؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دیارە بەمەبەستی پەرتیشـــنبەندی یا پارچەکردنی هاردی کۆمپیوتـــەر چەند پرۆگرامێك هەن، بەڵام لەویـــندۆز٧ و ویندۆز٨دا ئەو ئەرکە بەبێ پرۆگرامیش ئاســـان بۆتەوە. بەمەبەستی پارچەکردنی هاردەکەت سەرەتا بچۆ سەر ئایکۆنی کۆمپیوتەر لەســـەر دیسکتۆپ، دواتـــر کلیکـــی لای ڕاســـت دابگرە و فەرمانـــی Mange هەڵبژێـــرە، کە ئەو فەرمانەت داگـــرت ویندۆیەك دەکرێتەوە، لـــەودا فەرمانـــی disk management هەڵبژێـــرە، لـــەودا ویندۆیـــەك دەکرێتەوە کە تەنیا هاردی C نیشـــان دەدا، لەسەر ویـــندۆی تایبـــەت بەC کلیکی ڕاســـت دابگـــرە و فەرمانـــی shrink volume هەڵبژێرە کە ویندۆیـــەك دەکرێتەوە ئەوەت نیشان دەدات کە لەسێ بۆکس پێکهاتووەو لەسەرەوە شوێنی گشـــت هاردەکە نیشان دەدات و دواتر لەبۆکسی دووەمدا دەتوانی بنووســـی کە پارچە نوێیەکەت ناوی چ بێت و قەوارەکەی چەند بێت، بەم ئاسانییە پەرتیشینبەندی دەکرێت.